# ئەوتەقەیەی لە سەنگەری وەزارەتی ڕۆشنبریەوەلە ڕۆژنامەنوسی ئازاد فەخرەدین تاهیر کرا

ئەمرۆنیە کەسایەتی چە پ و ڕۆژنامە نوس وئازادی خوازوماف پەروەرانی کوردستان لە لایەن دەسەڵاتی کوردیەوە سەنگەری لێ دەگیرێ وسوکایەتی پێ دەکرێ,لە دوای ڕاپەرینەوە ئەم دیاردەیە بەزەقی دیارە, سەرەتا هەڕەشەکان بە تیرۆرو لێدان وشوێن بزرکردن بو,وادیارە بونی کەسانی نوێ خوازو خاوەن هەلوێست کە باوەڕیان بە ئازادی ڕادەر برین هەیە لە کۆمەلگەی ئێمە جێگایان نابێتەوە,لە بەر ئەوەی زوو هەست بە کەم وکوڕی یا چاکترە بلێن گەندەلی دەکەن و ڕاستیەکان ئاشکرا دەکەن بۆ کۆمەلگە بۆ یە ڕوبەڕوی چارەنوسێکی خراپ دەبنەوە لە لایەن دەسەلاتی بەڕێوەبردن,

ئاشکرا کردنی ڕووی خراپ ودزێوی کردارو ڕەفتارە ناشیرینەکانی لێپرسراوان وبەر پرسانی ئیدارەکان لە لایەن ڕۆژنامەنوسان وچ لە لایەن گرووپ و ڕێکخراوە چەپە کان ,دەبێتە هۆی نیگەرانی وهەلچونی بەر پرسانی لە دەسەلات و کار دانەوەی دەبێت تا ئێستاش چەندین جاربارەگای هەندێ پارت ونوسینگەی ڕۆژنامەکان داخراون.

سەرەتا ی شە پۆلی تیرۆر لە کوردستان کە سەری هە لدا چەند کەسایەتیەکی جیا لەچین وتوێژەکانی کۆمەلگەی کوردستانی گرتەوە,چەندین ما مۆستای زانکۆکان بونە قوربانی دەسەلات دواتر چەندین دکتۆرو ئەندازیار,لە گەل ئەوەشدا چەندین کەسایەتی بونە قوربانی پاوانی سیاسی دەسەلات لە ئەنجامی ئەوەی کە ڕەخنەیان هەبو یا ئەو ناو چەیەی ئەوان تیایدا دەژیان دەسەلاتی بالای لێ بوو کەس مافی ئەوەی نە بوو پڕوپاگەندەبۆ بیرو باوەڕەکەی بکات .

ڕۆژنامە نوس و سیاسەت مەدار(شەهید ڕئووف کامل ئاکرەیی)سکر تێری ڕێکخراوی تێکۆشانی کوردستان,ڕێناس ,نزیر عمر,بەکر عەلی شاعیر,سەلاح هەورامی مامۆستای کۆلیژی ئاداب کە تیرۆر کرا تەنها یەك دیناری لەگیرفان دا بو,دکتۆر محەمەدقەرەداخی لە کۆلیژی ئابوری, شاپوور وقابیل,چەندان مرۆڤی تر بونە قور بانی دەسەلاتی باوکسالاری کورد تا ئێستاش سە بارەت بەم هەموو تاوانانە ئەنجامی هیچ لێکۆلینەوەك دیار نیە لە سایەی یاسادا.

وا دیارە ئێستاش دە سەلاتی کوردی ڕێگا یەکی تری گرتۆتە بەر بۆ سەر کوتکردن و ڕیسواکردنی ڕۆژنامەنوسان ورۆشنبیرانی سەر بە خۆو ئازاد,ئە ویش بە گرتن وچاو سور کردنەوەو ها ویشتنەئەوزیندانانەی کە پڕیەتی لە دزو جەردەوڕێگرو پیاو کوژ بۆ زراندن وشکاندنی ناو کە سایەتیان,تا خەلکانی تریشی پێ چاو ترسێن بکەن,ئەنجامدانی ئەم سیناریۆیانە لە ڕێگەی دەست وپێوەندەکانەوە دەبێت و ئەنجام دەدرێت بە پێ ی پلان وبەرنامەیەکی بۆ داڕێژراو.

وەرن سەیری ئەم سیناریۆیە بکەن لە 2005/6/6لە سایتی کوردستان نێت( ڕونکردنەوەیەك لەلایەن ماف پەروەر عومەرسەیدزادە دەر بارەی کێشەی فەخرەدین تاهیر بلاو کراوەتەوە)

لە برگەی یەکەمی ڕونکردنەوەکەدا بەڕێز( عومەرسەیدزادە) نوسیویەتی من بە شەخسی شکاتم لە(فەخرەدین تاهیر) کردووە,وەزارەتی ڕۆشنبیری نە لە دوورونەلەنزیك ئاگاداری ئەم شکاتەنیەو پەیوەندی پێوەنیە.

بەلام لە خالی سێیەمی ڕوونکردنەوەکە دەر دەکەوێت کە سیناریۆیەکی دا ڕێژراو لە پشت پەردەوە ئامادەکراوە,کەنوسیویەتی.ناکرێ لە بەرامبەر ئەودەستدرێژیەی کەکاك فخرالدین تاهیر بۆ سەر کەرامەت وسومعەی ئێمەکردوویەتی بێ دەنگبین.پێم وایەیەکلاکردنەوەی کێشەکان لەبەردەم دادگاڕێگەی ڕاست ودروست

ومەدينانەيەنەك وەلامی ناشيرينی سەر ڕۆژنامەكان وبە كار هێنانی وشەی ناشيرين وموهاتەرات وتەشهير پێ كردن وشكاندنی حورمەتی قەلەمەكانمان.

بە ڕێزتان كە ئەوەندە كەسێكی ماف پەروەرو پێشكەوتنخوازو مەدەنيانە بير دەكەنەوە دەبێ زۆر سنگ فراوان وبە سەبر بويتايە وا زو هانات بۆ داد گا نە بردباو لە ووتارێكی مەدەنيانە وەلامی ئەم برادەرەت بدابوايەوە(زەكەريا تامر دەلێ كاتێك بەنێو ئەديب ونوسەران دادە ڕۆم وا دەزانم بە نێو كێلگەی ئەلغامان دادەڕۆم) بە لام وادياره وايە بۆ يە تۆش وا پە لەت كردووەو ويستوتە ئەم برادەره بكەيت بە سەر ئەلغامێك دا.

كاكی برا ئەركی پۆ ليس ئەوەنيە ڕۆژنامە نوسێكی دەست وپێ سپی خاوەنی تەنها يەك قەلەم بگرن,ئەركی پۆليس ئەوەيە ڕێگرو دزو تاوانباران بگرن كە ئێستا كوردستان پڕيەتی لەتاوانبار با ئاسايشی ژيانی خەلك بپارێزن ودلنيايان بكەنەوە لە نەبونی مەترسی بۆ سەر سەرو سامانيان با پۆ ليس ئەوانە بگرن كە دێن لە نێو ئاپۆڕەی خەلكی بێتاوان خۆيان دەتەقێننەوە,تۆش لەم سەرو بەندی تيرۆر كردنی كەسايەتی ناو داری كورد( دكتۆر محمدمعشوق خەزنەوی)بانگەوازی خۆ پيشاندانت كردبا لە سەر تاسەری كوردستان كوڕان وكچانی كوردبە ڕێپێوان بە رەو نوسينگەكانی (نەتەوە يەكگرتوەكان)يا داشتنامەی ئيدانەكردنتان پێ بدابان وداوای دادگايی كردنی نێودەولەتيتان كردبا بۆ بكوژانی( دكتۆر خەزنەوی)

بۆمان دەر دەكەوێت كە شكاتەكە تۆ دەوری گێڕانی سيناريۆكە دەبينی واتە جێ بە جێكردنی فەرمانی ئاغاكانت كە پێت سپێر دراوە,لەبەر ئەوەی ئەگەر شكاتەكەت شەخسی بوايە دەبوا لە برگەی سێ هەم بە تاك بنوسی وەك بۆ سەر سومعەی من كردويەتی نەك(ئێمەكردوويەتی)يا بێ دەنگبم نەك(بێ دەنگبين)يا شكاندنی حورمەتی قەلەمەكەم نەك (قە لەمەكانمان).

وا باشترە كورد گوتەنی لە كەلی شيتان بێيتە خوارەوەو هە مو سالانی تەمەنت لە خزمەت ئە م و ئە و دا سە رف بكەيت ئە نجامەكەی هەر دەست بە بەتالی دەمێنيتەوە, هەر دەم ڕێگەی نا پيرۆزترە لە بەلێ ماستاو چيەتی و چاو پۆشی لە گەندەلی و بردنی ژيانی مرۆڤی پاك بە دياری بۆ سولتان.

يوسف,ا,مەنتك
2005/06/07
ئەلمانيا
Ragaz4@arcor.de